کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

**بڕیار**

**ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٧ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١**

**ماددەی (١)**

هەریەکە لە بڕگەکانی (یەکەم)، (دووەم) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە، و سەر لە نوێ ڕیزبەندی بۆ بڕگەکانی تری ماددەکە دەکرێتەوە.

**ماددەی (٢)**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکوك بێت.

**ماددەی (٣)**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەكانی دەرچواندن

بۆ نەهێشتنی دژیەكی لەنێوان بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (شەشەم) و بڕگەكانی (یەكەم) و (دووەم) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساكە، كە بەهۆی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی دەسپاكیی هەرێمی كوردستان . عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ دروست بووە، و لە پێناو جێبەجێكردنی یاساكە بە شێوەیەكی دروست و گونجاو، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆكی هەرێمی كوردستان

هەولێر

٦/ ١٠/ ٢٠٢١